١١: گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو و بووژاندنەوەی حیزبی دێموکرات (١٣٤٩ ـ ١٩٧٠)........ ٥١
١٢: «کۆنگرەی سێهەمی حیزب» (١٣٥٢)........ ٥٤
١٣: ئالوگۆڕەکانی سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێران بەپێی لێکدانەوەی شەهید دوکتور قاسملوو لەو سەردەمەدا........ ٥٧
١٤: پێکهێنانی کومیتەی زاگرۆس (١٣٥٧)........ ٦٤
١٥: دەستبەسەرداگرتنی پادگانی مەهاباد، هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەی پێویست (١٣٥٧)........ ٦٧
١٦: ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب (١٣٥٧)........ ٦٩
١٧: شەڕی نەورۆزی خوێناویی سنە (١٣٥٨)........ ٧٤
١٨: ڕیفراندۆمی دیاریکردنی نیزام، یەکەم شانۆسازیی ڕێژیم (١٣٥٨)........ ٧٩
١٩: هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئاشتییانەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان (١٣٥٨) ٨١
٢٠: شەڕی نەغەدە (١٣٥٨)........ ٨٣
٢١: هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان (١٣٥٨)........ ٨٥
٢٢: شەڕی پاوە و فتوای جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان (١٣٥٨) ٨٦
٢٣: ئیعدامەکان لە کوردستان........ ٩٢
٢٤: دەستپێکردنی شەڕی بەرگری لە کوردستان (١٣٥٨)........ ٩٤
٢٥: بەشداریی خەباتگێڕانی بەشەکانی دیکە لە بزووتنەوەی کوردستانی ئێراندا ٩٨
٢٦: قارنێ و قەڵاتان، کۆمەڵکوژیی گەلی کورد (١٣٥٨)........ ١٠٠
٢٧: داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا و هەڵوێستی حیزب (١٣٥٨)........ ١٠٤
٢٨: بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەڕ پێشنووسی یاسای بنەڕەتیی ئێران (١٣٥٨)........ ١٠٥
٢٩: کۆنگرەی چوارەمی حیزب (١٣٥٨)........ ١٠٨
٣٠: هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە کوردستان (١٣٥٩)........ ١١٢
٣١: هێرشی سەرتاسەری بۆ سەر کوردستان (بەهاری ١٣٥٩)........ ١١٤
٣٢: شەڕی ٢٦ ڕۆژەی سنە (١٣٥٩)........ ١١٦
٣٣: جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی لە حیزبی دێموکرات (١٣٥٩)........ ١٢٠

٥٧: گواستنەوەی بنکەکانی حیزب لە قەندیل بۆ کۆیە (١٣٧٢)........................ ٢٥٧
٥٨: کۆنگرەی دەیەمی حیزب و یەکنەگرتنەوە (١٣٧٤).................................. ٢٦٠
٥٩: تۆپبارانی کەمپی ئازادی (١٣٧٥)............................................................. ٢٦٩
٦٠: بزووتنەوەی ئیسلامی و رادەستکردنی تێکۆشەرانی دێموکرات بە کۆماری ئیسلامی (١٣٧٥).......................................................................... ٢٧١
٦١: تیرۆرەکان لە کوردستانی باشوور و عێراق (١٩٩١ـ ١٩٩٥).................. ٢٧٥
٦٢: دەرمانداو کردنی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب (١٣٧٦)........................ ٢٨٣
٦٣: کۆنگرەی ١٣، کۆنگرەی دەستکەوتە مێژووییەکان (١٣٨٥).................... ٢٨٥
٦٤: دامەزرانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فدراڵ (١٣٨٣)........................... ٢٩٧
٦٥: ناڕەزایەتیی چل رۆژەی خەڵکی کوردستان و خەباتی مەدەنی (١٣٨٤) ٢٩٨
٦٦: ئینشعابی پاش کۆنگرەی سێزدە (١٣٨٥)................................................. ٣٠٣
٦٧: راگەیەندراوی دەستەی بەڕێوەبەریی رێزگرتن لە شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە بیستەمین ساڵی شەهیدکرانیدا (١٣٨٨)............. ٣١٢
٦٨: ٢٣ی بانەمەڕ، رۆژێک کە کوردستان سەری بە سێدارە داخست (١٣٨٩) ٣٢٧
٦٩: بەرگری لە نیشتمان لە شەڕ دژی داعشدا (١٣٩٣).................................. ٣٣٥
٧٠: گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ شاخ و هەڵسوکەوتی Pkk................. ٣٣٦

تـودە بـە پشـتیوانیی حیزبە تـودە، تەیفی دێموکـرات و نەتەوەخواز، تەیفێکی عەشیرەیی.

کۆنگـرەی چـوارەم لـە ڕۆژانـی ١٣٥٨/١١/٣٠ تـا ١٣٥٨/١٢/٥ لـە سالۆنی سینەما ئومێدی مەهاباد بە بەشداریی ٣١٠ کەس لە ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆنفڕانسەکان لە سەرتاسەری کوردستان دەستی پێ کرد. لەم کۆنگرەیەدا دوو لایەنی فیکری کەوتنە بەربەرەکانێی لایەنی دێموکـرات و نەتەوەخـواز کـە دوکتـور قاسـملوو ڕێبەریـی دەکرد، لایەنەکەی دیکە بە دنەدانی حیزبی توودە و بە سـەرۆکایەتیی غەنی بلووریان و محەممەد ئەمین سراجی.

لەم کۆنگرەیەدا چوار مەسەلەی گرینگ دەکەوتنە بەرباس، هەڵوێست بەرانبەر بە ڕێبەرایەتیی شۆڕشـی ئێران، دەستنیشـانکردنی دۆستان و دوژمنان لە رادەی نێوخۆ و دەرەوە، دیاریکردنی ئامانجی دواڕۆژ، دیاریکردنی سنوورێک لە نێوان مرۆڤی دێموکرات و نادێموکرات.

سـەرەڕای هەوڵێکـی زۆری دوکتـور قاسـملوو بـۆ نیشـاندانی کەموکۆڕییەکانـی سۆسـیالیزمی سـوننەتی، بـەڵام بەهـۆی ریشـە داکوتانـی ئـەم بیروبۆچوونە لـە نێو ژمارەیەکی زۆر لە بەشـدارانی کۆنگـرەدا کارێکی بۆ نەچووە پێشـەوە و ئاکامـی لێدوانەکان ئەوەی لـێ کەوتـەوە کـە ئامانجـی دواڕۆژی حیـزب بـوو بە سۆسـیالیزمی زانسـتی. سەبارەت بە ڕێبەرایەتیی شۆڕش کۆنگرە پشتیوانیی خۆی لە ڕێبەرایەتیی شـۆڕش دووپات کردەوە و خومەینیی وەک ڕێبەری شۆڕشـی ئێران ناسـی و لە هەمان کاتدا دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»ی پەسند کرد.

سـەبارەت بە دیاریکردنـی دوژمنانی دەرەوە و نێوخۆ و هەروەها سـنووری نێوان مرۆڤی دێموکرات و نادێموکرات، دوکتور قاسـملوو توانیـی سـیمای دێموکـرات لەم کۆنگرەیەدا بچەسـپێنێ و مەبەسـت لـە چەسـپاندنی ئـەم تاریفانـە لـە مرۆڤـی دێموکـرات لـە ڕاسـتیدا

٢

| ردیف | نام و نام خانوادگی | حزب یا سازمان سیاسی | تاریخ‌ترور | محل ترور | ساکن | کشته | زخمی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٥ | طاهر متوچهری | دمکرات | ١٩٩٢/١١/١٣ | دربندخان | نوسود | + | - |
| ٣٦ | مام نظر (محمدنظری) | «رەنجدەران» | ١٩٩٢ | عربت سلیمانیه | قلخانی | + | - |
| ٣٧ | سیف الله سلیمانپور | پناهنده ایرانی | ١٩٩٢ | سلیمانیه | سقز | + | - |
| ٣٨ | رضا سلیمانپور | پناهنده ایرانی | ١٩٩٢ | سلیمانیه | سقز | + | - |
| ٣٩ | کامران سلیمانپور | پناهندەایرانی | ١٩٩٢ | سلیمانیه | سقز | + | - |
| ٤٠ | محمد مهریانی | دمکرات | ١٩٩٢ | باریکه سلیمانیه | مریوان | + | - |
| ٤١ | کریم گاگلی | هوادار دمکرات | ١٩٩٢ | پنجوین | مریوان | + | - |
| ٤٢ | احمد گاگلی | هوادار دمکرات | ١٩٩٢ | پنجوین | مریوان | + | - |
| ٤٣ | کامران شافعی | دمکرات | ١٩٩٣/٣/١٠ | رانیه | مهاباد | + | - |
| ٤٤ | جمال نامی | دمکرات | ١٩٩٣/٧/٢٢ | سلیمانیه | سنندج | + | - |
| ٤٥ | سعدون عباسی | پناهندەایرانی | ١٩٩٣/٨/١٢ | رانیه | مهاباد | + | - |
| ٤٦ | احمد فاتی | پناهندەایرانی | ١٩٩٣/٨/١٢ | رانیه | سردشت | + | - |
| ٤٧ | دکتر بهرام | سیاسی | ١٩٩٣/٨/٢٥ | رانیه | تبریز | + | - |
| ٤٨ | بهرام آزادفر | دمکرات | ١٩٩٣/٩/٣ | آنکارا | ارومیه | + | - |
| ٤٩ | محمد قادری | دمکرات | ١٩٩٣/٩/٦ | آنکارا | پیرانشهر | + | - |
| ٥٠ | مالا احمد دەرویشی | دمکرات | ١٩٩٣/٩/١٠ | دیانا | ارومیه | + | - |
| ٥١ | عثمان عثمانی | کومەلە | ١٩٩٣/١١/٢ | سلیمانیه | - | + | - |
| ٥٢ | صدیق رشیدی | سیاسی | ١٩٩٣/١١/٣ | سلیمانیه | - | + | - |
| ٥٣ | محمود مجاهدی | دمکرات | ١٩٩٣/١٢/١١ | حاجی آباد | سردشت | + | - |
| ٥٤ | محمد شیخەپور | دمکرات | ١٩٩٣ | سنگسر | - | + | - |
| ٥٥ | محمد بوکانی (خاله حەمه) | دمکرات | ١٩٩٤/١/١٢ | دیانا | بوکان | + | - |
| ٥٦ | مصطفی اورامان | پناهنده ایرانی | ١٩٩٤/١/١٣ | اربیل | - | + | - |
| ٥٧ | شریف رحمانی | « خەبات » | ١٩٩٤/٣/٨ | سلیمانیه | مهاباد | + | - |
| ٥٨ | سید جلال حسینی | دمکرات | ١٩٩٤/٣/١٥ | سلیمانیه | کانی سانان | + | - |
| ٥٩ | رشاد کریمی | کومەلە | ١٩٩٤/٣/٣٠ | سلیمانیه | - | + | - |
| ٦٠ | شفیع کریمی | « کومەلە » | ١٩٩٤/٣/٣١ | سلیمانیه | - | + | - |
| ٦١ | صالح جهانگیری | دمکرات | ١٩٩٤/٤/٢ | حلبچه | بوکان | + | - |
| ٦٢ | فتاح سعیدی | دمکرات | ١٩٩٤/٤/٢٣ | سلیمانیه | ارومیه | - | + |
| ٦٣ | علی حیدری دژ آهنگ | دمکرات | ١٩٩٤/٤/٢٤ | دربندخان سلیمانیه | شاەآباد | + | - |
| ٦٤ | عبدالله ایزدی | دمکرات | ١٩٩٤/٤/٢٤ | سلیمانیه | - | + | - |
| ٦٥ | ابراهیم ساعدی | دمکرات | ١٩٩٤/٦/١٢ | سلیمانیه | سنندج | + | - |
| ٦٦ | احمد محمد پور | دمکرات | ١٩٩٤/٦/١٤ | بازیان سلیمانیه | سقز | + | - |
| ٦٧ | ابوبکر سبکتگین | دمکرات | ١٩٩٤/٦/١٤ | دیانا | اشنویه | + | - |
| ٦٨ | مامه گوله | دمکرات | ١٩٩٤/٦/٢٢ | ماوت | سردشت | + | - |

(٣)

| ردیف | نام و نام خانوادگی | حزب یا سازمان سیاسی | تاریخ ترور | محل ترور | ساکن | کشته | زخمی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦٩ | کریم بال افکن | دمکرات | ١٩٩٤/٧/٤ | رانیه | مریوان | + | - |
| ٧٠ | علی اصغر الماس پور | دمکرات | ١٩٩٤/٧/١٩ | پنجوین | سنندج | + | - |
| ٧١ | ابراهیم رحمانی | دمکرات | ١٩٩٤/٧/١٩ | رانیه | کامیاران | + | - |
| ٧٢ | مام مراد محمد زاده | دمکرات | ١٩٩٤/٧/٢٣ | باسرمه | ارومیه | + | - |
| ٧٣ | احمد روئینتن | دمکرات | ١٩٩٤/٧/٣٠ | جاده دیانا | ارومیه | - | + |
| ٧٤ | مراد جولا | دمکرات | ١٩٩٤/٧/٣٠ | جاده دیانا | پیرانشهر | - | + |
| ٧٥ | یوسف مولودی | دمکرات | ١٩٩٤/٧/٣٠ | جاده دیانا | پیرانشهر | - | + |
| ٧٦ | قادر قلندری | دمکرات | ١٩٩٤/٧/٣٠ | جاده دیانا | پیرانشهر | + | - |
| ٧٨ | محمد درخشان | دمکرات | ١٩٩٤/٧/٣١ | جاده دیانا اربیل | پیرانشهر | + | - |
| ٧٩ | محمدامین بایزیدی | دمکرات | ١٩٩٤/٧/٣١ | جاده دیانا اربیل | پیرانشهر | + | - |
| ٨٠ | غفور حمزه‌ای | دمکرات | ١٩٩٤/٨/٤ | بغداد | بانه | + | - |
| ٨١ | علی اکبر تیموری | «کومه‌له» | ١٩٩٤/٨/٩ | سلیمانیه | کرمانشاه | + | - |
| ٨٢ | کشتمند عباسی (پیوند) | «کومه‌له» | ١٩٩٤/٨/٩ | سلیمانیه | کرمانشاه | + | - |
| ٨٣ | عبدالله سوزی | دمکرات | ١٩٩٤/٨/١٢ | دربندخان سلیمانیه | مریوان | + | - |
| ٨٤ | محمد رشید | دمکرات | ١٩٩٤/٨/١٣ | حلبجه | مریوان | + | - |
| ٨٥ | اسفندیار طاهری | دمکرات | ١٩٩٤/٩/١٦ | انزل ارومیه | ارومیه | + | - |
| ٨٦ | سهراب طاهری | دمکرات | ١٩٩٤/٩/١٦ | انزل ارومیه | ارومیه | + | - |
| ٨٧ | بهروز تقی زاده | دمکرات | ١٩٩٤/٩/١٦ | انزل ارومیه | ارومیه | + | - |
| ٨٨ | سلمان کرهی | دمکرات | ١٩٩٤/٩/٢٢ | شپیران ارومیه | ارومیه | + | - |
| ٨٩ | سراج الدین جاجوری | دمکرات | ١٩٩٤/٩/٢٢ | شپیران ارومیه | ارومیه | + | - |
| ٩٠ | عمر کُرده | پناهندەسیاسی | ١٩٩٤/١١/٢ | سنگسر رانیه | بوکان | + | - |
| ٩١ | مام مولود سلیم ساغلو | سیاسی | ١٩٩٤/١١/٢ | حاج آباد رانیه | مهاباد | + | - |
| ٩٢ | اکبر منبری | دمکرات | ١٩٩٤/١١/٣ | بازیان سلیمانیه | سنندج | - | + |
| ٩٣ | حسین اجاق | سیاسی | ١٩٩٤/١١/٢٢ | چوارقورنه | - | + | - |
| ٩٤ | خالد جهانی | دمکرات | ١٩٩٤/١١/٢٥ | سلیمانیه | بوکان | - | + |
| ٩٥ | حسن جت | دمکرات | ١٩٩٤/١١/٢٧ | قلعەدزه | مهاباد | + | - |
| ٩٦ | حسن بازرگان | دمکرات | ١٩٩٤/١٢/٦ | منطقه رانیه | پیرانشهر | + | - |
| ٩٧ | نوری مهاباد | غیر سیاسی | ١٩٩٤/١٢/٧ | اربیل | مهاباد | + | - |
| ٩٨ | محمد شیخه | دمکرات | ٩٤/١٢/١٣ | سنگسر | پیرانشهر | + | - |
| ١٠٠ | جلال خانەخلی | سیاسی | ١٩٩٤/١٢/١٤ | قلعەدزه | سردشت | + | - |
| ١٠١ | محمد سعید قادری | دمکرات | ١٩٩٤/١٢/٢٧ | کویسنجق | نوسود | + | - |
| ١٠٢ | صدیق سقزی | دمکرات | ١٩٩٤ | سلیمانیه | سقز | + | - |
| ١٠٣ | محمود لاویانی | «کومه‌له» | ١٩٩٤ | پنجوین | مریوان | + | - |
| ١٠٤ | مراد شوکری | پناهنده ایرانی | ١٩٩٤ | سلیمانیه | ذهاب | + | - |

(٤)

| ردیف | نام و نام خانوادگی | حزب یا سازمان سیاسی | تاریخ ترور | محل ترور | ساکن | کشته | زخمی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٥ | واسع جهانگیری | دمکرات | ١٩٩٤ | حلبجه | – | + | – |
| ١٠٦ | امیر ایزدی | دمکرات | ١٩٩٤ | سلیمانیه | – | + | – |
| ١٠٧ | محمد محمدپور | دمکرات | ١٩٩٤ | بازیان | – | + | – |
| ١٠٨ | عبدالله ربانی | دمکرات | ١٩٩٤ | دارەبەنگلن | – | + | – |
| ١٠٩ | خالد محمد زاده | هوادار دمکرات | ٩٥/١/٥ | شقلاوه | مهاباد | + | – |
| ١١٠ | حیدرخسروی | پناهنده ایرانی | ٩٥/١/٩ | سلیمانیه | بانه | + | – |
| ١١١ | عبدالخالق حفیدی | هوادار دمکرات | ٩٥/١/١٢ | سلیمانیه | سردشت | – | + |
| ١١٢ | محمد نانوا | پناهندهایرانی | ٩٥/١/١٢ | جاده بازیان | سقز | + | – |
| ١١٣ | حیدر عبدالله بگ | پناهندهایرانی | ٩٥/١/١٩ | دوکان | بانه | + | – |
| ١١٤ | اسماعیل انجیری | دمکرات | ٩٥/٢/٩ | سلیمانیه | ایرانی | + | – |
| ١١٥ | سعدون بارزان | دمکرات | ٩٥/٢/٧ | رانیه | بوکان | + | – |
| ١١٦ | مام حسن آذربرزین | دمکرات | ٩٥/٢/٧ | رانیه | مهاباد | + | – |
| ١١٧ | بارزان انجینەیی | دمکرات | ٩٥/٢/٣١ | سلیمانیه | سقز | – | + |
| ١١٨ | مظفر محمدی | دمکرات | ٩٥/٢/٣١ | سلیمانیه | – | + | – |
| ١١٩ | محمد عبدالهی | دمکرات | ٩٥/٤/١ | باسرمه | پیرانشهر | – | + |
| ١٢٠ | سلیمان جکرده | دمکرات | ٩٥/٤/١ | باسرمه | پیرانشهر | + | – |
| ١٢١ | نجم الدین شریعت پناه | دمکرات | ٩٥/٥/٢٣ | اربیل | سردشت | + | – |
| ١٢٢ | دکتر علی دبیری | پناهنده، ایرانی | ٩٥/٥/٢٤ | رانیه | ارومیه | + | – |
| ١٢٣ | عثمان کیانی | کومەله | ٩٥/٦/٢ | سلیمانیه | مریوان | + | – |
| ١٢٤ | عثمان فرمان | کومەله | ٩٥/٦/٢ | سلیمانیه | مریوان | + | – |
| ١٢٥ | عفت حداد | مجاهد | ٩٥/٦/٩ | بغداد | – | + | – |
| ١٢٦ | فرشته اسفندیاری | مجاهد | ٩٥/٦/٩ | بغداد | – | + | – |
| ١٢٧ | سیدعسکر حسینی | پناهنده، ایرانی | ٩٥/٦/١٥ | سلیمانیه | مریوان | + | – |
| ١٢٨ | قادر فلاحی | پناهنده، ایرانی | ٩٥/٧/٨ | دیانا | اشنویه | + | – |
| ١٢٩ | حسین ادیبی | مجاهد | ٩٥/٧/٩ | بغداد | ایرانی | + | – |
| ١٣٠ | ابراهیم | مجاهد | ٩٥/٧/٩ | بغداد | ایرانی | + | – |
| ١٣١ | یارعلی | مجاهد | ٩٥/٧/٩ | بغداد | ایرانی | + | – |
| ١٣٢ | رحیم محمودی | دمکرات | ٩٥/٧/١٦ | رانیه | ایرانی | + | – |
| ١٣٣ | فاروق مرادی | دمکرات | ٩٥ ٧/٢٠ | اربیل | ایرانی | + | – |
| ١٣٤ | ناصر پیرانی | دمکرات | ٩٥ ٧/٢٠ | اربیل | مهاباد | – | + |
| ١٣٥ | عسکر رستمی( گوله) | دمکرات | ٩٥/٩/٢٤ | روستای رستم | قلخانی | + | – |
| ١٣٦ | مصطفی قادرزاده | دمکرات | ٩٥/١٠/١٦ | شیخ شیرز رانیه | پیرانشهر | + | – |
| ١٣٧ | حسین دمه | دمکرات | ٩٥/١٠/١٦ | شیخ شیرز رانیه | پیرانشهر | + | – |
| ١٣٨ | سید طالب حسینی | پناهنده ایرانی | ٩٥/١٠/٢٤ | سلیمانیه | دیواندره | + | – |

(٥)

| ردیف | نام و نام خانوادگی | حزب یا سازمان سیاسی | تاریخ ترور | محل ترور | ساکن | کشته | زخمی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣٩ | سیدمسلم حسینی | پناهنده ایرانی | ٩٥/١٠/٢٤ | سلیمانیه | دیواندره | + | - |
| ١٤٠ | منصور فدائی | پناهنده ایرانی | ٩٥/١٠/٢٤ | سلیمانیه | بانه | + | - |
| ١٤١ | آفتاب حسینی | پناهنده ایرانی | ٩٥/١٠/٢٤ | سلیمانیه | دیواندره | + | - |
| ١٤٢ | کتان حسینی | پناهنده ایرانی | ٩٥/١٠/٢٤ | سلیمانیه | دیواندره | + | - |
| ١٤٣ | حسن خالقی | پناهنده ایرانی | ٩٥/١١/١ | دیانا | اشنویه | - | + |
| ١٤٤ | عزیز کریمی | پناهنده ایرانی | ٩٥/١١/١ | دیانا | اشنویه | - | + |
| ١٤٥ | عمر دهستانی | دمکرات | ١٩٩٥/١٢/٦ | حریر | مهاباد | + | - |
| ١٤٦ | عثمان رویان | دمکرات | ٩٥/١٢/٣٠ | اربیل | اشنویه | + | - |
| ١٤٧ | ابوبکر رحیمی | دمکرات | ٩٥/١٢/٣٠ | اربیل | نقده | + | - |
| ١٤٨ | غفور مهدی زاده | دمکرات | ٩٥/١٢/٣١ | کویسنجق | نقده | + | - |
| ١٤٩ | علی امینی | دمکرات | ٩٥/١٢/٣١ | کویسنجق | سقز | + | - |
| ١٥٠ | صدیق عبدالهی | دمکرات | ٩٥/١٢/٣١ | کویسنجق | سردشت | + | - |
| ١٥١ | محمد سوورەبی | دمکرات | ١٩٩٥ | اربیل | - | + | - |
| ١٥٢ | حاجی عبدالله محمدی | هوادار دمکرات | ٩٦/١/٢ | سلیمانیه | سقز | + | - |
| ١٥٣ | رحمان شعبان زاده | دمکرات | ٩٦/١/٢ | سلیمانیه | بانه | + | - |
| ١٥٤ | طاهر روحانی | کومله | ٩٦/٣/١٤ | سلیمانیه | کامیاران | + | - |
| ١٥٥ | فرامرز کشوری | دمکرات | ٩٦/٣/١٧ | جیژنیکان | اشنویه | + | - |
| ١٥٦ | طاهر عزیزی | دمکرات | ٩٦/٣/١٧ | جیژنیکان | اشنویه | + | - |
| ١٥٧ | عثمان رحیمی | دمکرات | ٩٦/٣/١٧ | جیژنیکان | اشنویه | + | - |
| ١٥٨ | حسن ابراهیم زاده | دمکرات | ٩٦/٣/١٧ | جیژنیکان | پیرانشهر | + | - |
| ١٥٩ | حسن علیپور | دمکرات | ٩٦/٣/١٧ | جیژنیکان | اشنویه | - | + |
| ١٦٠ | فریق حسن زاده | دمکرات | ٩٦/٣/١٧ | جیژنیکان | اشنویه | - | + |
| ١٦١ | جهانگیر ابراهیمی | دمکرات | ٩٦/٣/١٧ | جیژنیکان | اشنویه | - | + |
| ١٦٢ | پریزاد آبرندی | دمکرات | ٩٦/٣/١٧ | جیژنیکان | اشنویه | - | + |
| ١٦٣ | محمدامین ابراهیمی | دمکرات | ٩٦/٣/١٧ | جیژنیکان | پیرانشهر | - | + |
| ١٦٤ | عثمان شیخانی | دمکرات | ٩٦/٣/١٧ | جیژنیکان | اشنویه | - | + |
| ١٦٥ | علی بابل | دمکرات | ٩٦/٣/١٧ | جیژنیکان | اشنویه | - | + |
| ١٦٦ | علی شاداب | دمکرات | ٩٦/٣/١٧ | جیژنیکان | اشنویه | - | + |

### ■ ٦٢: دەرمانداو کردنی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب (١٣٧٦)

لە سەرەتای ساڵی ١٣٧٦ی هەتاویدا بە هۆی دوو بەکرێگیراوی ڕێژیمەوە کە خزێنرابوونە ناو ریزەکانی حیزب، ٩٠ کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لە جنووب کە نیشتەجێی دەڤەری «بازیان» سەر بە پارێزگای سلێمانی بوون، دەرمانداو کران و جۆری دەرمانەکەش سالیۆم بوو. پێشتریش لە ناوچەی سەقز بە هۆی بەکرێگیراوێکی نفووزیی دیکەوە ٣ کەس لە کادرەکانی تیمی تەشکیلاتیی سەقز لە پاییزی ١٣٧٥ی هەتاویدا دەرمانداو کرابوون کە ناوەکانیان بریتی بوون لە: «سەید ئەحمەد حسەینی، ساڵح سەقزی و عەتا کێلەشینی» کە نەفەری دووهەم و سێهەمیان شەهید بوون و نەفەرەکەی دیکەش بە هۆی هەوڵێکی زۆر بە خۆشییەوە رزگاری بوو.

لە پێوەندی لەگەڵ دەرمانداوکردنی ٩٠ کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی مەڵبەندەکانی ١ و ٢ی کومیتەی کرماشاندا دەفتەری سیاسی ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

# بانگەوازێکی بەپەلە

**کۆڕو کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ لە جیهاندا!**
**ڕێکخراوە پزیشکی و دەرمانییە خێرخوازەکان!**

لە بەرەبەری دەرچوونی حوکمی یەکجاریی دادگای بێرلین لەسەر پەروەندەی تیرۆری دوکتور صادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیەکانی دا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی جینایەتێکی سامناکی دیکەی خوڵقاند.

لە نێوەڕاستی حەوتووی ڕابردوودا نەخۆشییەکی بەکۆمەڵ لە نێو ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا کە لە ناوچەی بارزانی سەربە شارستانی سلێمانی لە کوردستانی عێراق دەژین، سەری هەڵدا. بەشێکی زۆر لە نەخۆشەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی سلێمانی کران. بەڵام لەبەر نەبوونی ئیمکاناتی پێویست، نەخۆشخانەکانی ئەو شارە کارێکی لەوتۆیان بۆ چاری نەخۆشەکان و تەشخیسی نەخۆشییەکەیان لەدەست نەهات. هەر بۆیە بەرەبەرە هەموویان ڕەوانەی شاری بەغدا کران و بە کۆمەکی مانگی سووری عێراق لە نەخۆشخانەکانی ئەو شارە خەوێنران.

دوای تاقیکردنەوەی پێویست دەرکەوت ئەو هاوڕێیانە لە ئاکامی خواردنی ژاری خەتەرناکی «تالیوم»دا دەرمانداو بوون. هەر ئێستا زیاتر لە شەست کەس لەو دەرمانداوکراوانە لە نەخۆشخانەکانی بەغدادا کەوتوون و گیانیان لە مەترسی دایە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەند جار پیلانی دەرمانداوکردنی تێکۆشەرانی دیموکرات لەلایەن ئۆرگانەکانی حیزبەوە ئاشکرا کراوە و هەموو جارێ دەرکەوتووە کە تیرۆریستەکان سەربە کۆماری ئیسلامین، هەروەها بە وەبیرهێنانەوەی نەخشەی تیرۆریستیی پاییزی ڕابردوو کە لەودا سێ کەس لە تێکۆشەرانی حیزب لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە بە ژاری «تالیوم» دەرمانداوکران و دوو کەسیان شەهید بوون، هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەم کردەوە دژی ئینسانییەش کاری بەکرێگیراوانی ڕێژیمی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامییە. بۆیە:

- لە هەموو کۆڕو کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ داوا دەکەین دەنگی ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بەو تاوانە بەرز کەنەوە و ڕێژیمی ئیسلامیی تاران مەحکووم بکەن.
- لە ڕۆژنامەنووسانی دەرەوەو نوێنەرانی کۆمیتەکانی دیفاع لە مافی مرۆڤ بانگهێشتن دەکەین سەر لە نەخۆشخانەکانی بەغدا بدەن و فیلم و ڕیپۆرتاژ لە قوربانییانی جینایەتی تازەی ڕێژیم ئامادە بکەن.
- ئەگەرچی پزیشکان و نەخۆشخانەکانی بەغدا هەرچی لە دەستیان هاتووە بۆ ڕزگار کردنی گیانی ئەو نەخۆشانە کردوویانەو لەوبارەیەوە سوپاسیان دەکەین، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو گەمارۆ ئابوورییە کە چەند ساڵە خراوەتە سەر عێراق و لەبەر کەمبوونی ئیمکاناتی دەرمانی داوا لە کۆڕو کۆمەڵە پزیشکی و دەرمانییە خێرخوازەکان دەکەین بەپەلە بە هاواری دەرمانداوکراوەکان بگەن و بۆ نەجاتدانی گیانیان هەوڵ بدەن.

هیواداریین ئەو تاوانە دژی ئینسانییەی ڕێژیمی ئێران هاندەرێکی دیکە بێ بۆ ئەوەی دادگای بێرلین حوکمێکی عادڵانەو بەرپرسانە لەبارەی بەرنامەڕێژانی تیرۆری ساڵی ١٩٩٢ی بێرلین، یانی کاربەدەستانی هەرەسەرووی کۆماری ئیسلامییەوە دەربکا.

**لەچاوەڕوانیی هەنگاوێکی بەپەلەو کارسازدا**

دەفتەری سیاسیی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٣٧٦/١/١٢ (١٩٩٧/٤/٦)

## ■ ٦٣: کۆنگرەی ١٣، کۆنگرەی دەستکەوتە مێژووییەکان (١٣٨٣)




کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە یەکێک لە سەرکەوتووترین کۆنگرەکانی حیزب لە قەڵەم دەدرێ. ئەم کۆنگرەیە کە لە نێوان ڕۆژانی ١٣-١٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٣ی هەتاویدا گیرا، لە زۆر بواردا توانی هەنگاوی کردەکی و قایم بۆ پێشکەوتنی حیزب و جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران هەڵبێنێ. بێگومان هەر هەنگاوێک کە حیزبی دێموکرات لە پاش کۆنگرەی سێزدەهەمی خۆیدا هاوێشتوویەتی، هەنگاوێکی ئابستراک نییە و پێوەندیی بە ئامانج و ئارمانەکانی ئەم حیزبەوە هەیە. بە خوێندنەوەیەکی دروستی ڕەساڵەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ج لە باری مێژوویی و چ لە باری پێوەندیی میللی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان لە کوردستانی ئێران بە ئاستە جیهانی و ناوچەیی و نێوخۆییەکانەوە، یەکەم هەنگاو گرینگترین هەنگاوێکە کە هەر حیزبێکی بەرپرسیار و خاوەن ڕەسالەت هەڵیدەگرێ. کەوابوو بۆ

دەستنیشـانکردنی ئاستی سـەرکەوتوویی هەر حیزبێک لە قۆناخێکی دیاریکـراودا پێـش هەمـوو شـتێک دەبـێ سـەرنجی تێڕوانیـن و خوێندنەوەی ئەو حیزبە لە مەسـەلە جۆراوجۆرە پێوەندیدارەکان بە خۆیـەوە بـدرێ و پاشـان ئەگەر لە بواری تیۆریکدا جەخت لە سـەر راسـتی و دروسـتیی خوێندنـەوەکان کـرا، ئەمجـارە باس لـە بواری پراکتیک و هەنگاوە کردەکی و عەینییەکان بکرێ.

■ کۆنگرە ی سێزدەهەمی حیزب لە بواری تیۆریکدا

لـە بەنـدی یەکەمـی بەرنامـەی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێران، پەسـەندکراوی کۆنگـرەی ١٣دا هاتـووە: «حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران، حیزبـی پێشـڕەوی خەڵکـی کوردسـتانی ئێرانە و شانبەشـانی هێـزە پێشـکەوتووەکانی سەرانسـەری ئێـران بـۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسـی گەلی کورد لە کوردسـتانی ئێراندا خەبات دەکا» لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا حیزبی دێموکراتی کوردسـتان دامەزرانـی خـۆی راگەیانـد و ئامانجەکانـی خـۆی لە ٨ مـادەدا بـاس کرد کە هەمـان ئەو ئامانجەن کە لە مادەی باسـکراودا هاتوون.

گۆڕانکارییـە قووڵەکانـی نێـوان کۆنگرەکانـی ١٢ و ١٣ی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لـە سـێ ئاسـتی گشـتیدا خۆیـان دەرخسـت کـە بە پێـی جـۆری گۆڕانکارییەکان خێرایـی و گۆڕان لە هێندێکیاندا زۆر و لە هێندێکیان هێور و بەرەبەرە دەهاتنە پێش چاو، بەڵام بە گشـتی هەموویان ئاکامی ئەو گۆڕانە بوون کە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا هاتبوونە ئاراوە. لە ئاسـتی جیهانیدا پاش هەرەسـهێنانی بەرەی سۆسیالیستی بـە رێبەرایەتیی یەکێتیی سـۆڤێت لە سـەرەتای دەیـەی٩٠ی زایینیدا، بەرینبـوون و خێرایـی تـۆڕی پێوەندییەکان، جێگیربوونـی پێوەندییە

سـەرمایەدارییەکان لـە زۆربەی هـەرە زۆری وڵاتانـی جیهاندا، لێک نزیک بوون و تەمومژاوی بوونی چەمکە سیاسـییەکان و بە تایبەتی خوێندنـەوەکان لـە چەپ و راسـتی سیاسـی، پێشـکەوتنی بەرچاوی وڵاتانی پەرەئەستێن و نزیکبوونەوەی ئابوورییان لە وڵاتانی خاوەن رێژەی بەرزی گەشەی مرۆیی هاتنە دی و بە گشتی ئەوەی»ماهان» وەکـوو گونـدی جیهانی نـاوی دەبات لەو کاتەدا ببوو بە راسـتی. لە بەرامبـەر ئـەو گۆڕانکارییـە بنەڕەتییە کە لە ئاسـتی جیهانیدا رووی دا، بزووتنەگەلێـک لـە هەر گۆشـەی جیهاندا سـەریان هەڵـدا کە یان دژایەتیـی ئەو رەوتەیان دەکرد، یان وێڕای پێشـوازی لەو رەوتە، لە بیـری سـەلماندنی شوناسـی نەتەوەیـی یان مەزهەبی یـان ناوچەیی خۆیـان بـوون. هـەر بۆیـە لـە لایەکـەوە بزووتنـەوەی ناسـیۆنالیزم زەقتـر و بەرچاوتـر خـۆی نواند و لـە لایەکی دیکـەوە بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری رەوتی بەجیهانیبوون و دژی ئامریکا وەکوو ئاڵاهەڵگر و سـەردەمداری ئـەو رەوتـە سـەریان هەڵـدا. یەکێک لـە بزووتنەوەوە نەیار و ناڕەسەنەکانی سەر گۆڕەپانی جیهانی بە تایبەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت، تیرۆریزمی ئیسـلامییە کە بە دوای روودانی کارەسـاتی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ی نیۆیۆرک، ئیدی زۆر دەرهەستتر جیهانی بە سەر دوو بەرەی لایەنگری تیرۆریزم و دژی تیرۆریزم دابەش کرد. بناژۆخوازیی ئیسلامی بوو بە ئاڵاهەڵگری تیرۆریزم و خەبات دژ بە هەر بە رەوتێکی ئازادیخوازانە بە تایبەتی لە وڵاتە موسڵماننشینەکاندا. ئەگەر تا دوێنێ هاتنە سـەرکاری کۆماری ئیسـلامیی ئێران دروشـم و کردارە بناژۆخوازانەکانی ئەو رێژیمە، چاوپۆشـیی لێ دەکرا و بە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاشتی و ئاسایش لە جیهاندا لە قەڵەم نەدەدرا، ئەوا جیهان پاش کارەساتی ١١ی سێپتامبر سەرنجی پتری دایە سەر ئەو راسـتییە کە کۆماری ئیسـلامیی ئێران نە تەنیا بۆ خەڵکی ئێران، بەڵکوو بۆ خەڵکی هەموو جیهان هەڕەشـەی راسـتەقینەیە. لە لایەکی

دیکەوە رۆژئاوا و بە تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروشمی چاکسازی بە تایبەتی لە بواری سیاسی و ئابوورییان لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا بەرز کردەوە و لەو بڕوایەدا بوون کە لەو ڕێگایەوە هەم پێگە و رۆڵی تیرۆریستە ئیسلامییەکان لە ناوچەکەدا کەمڕەنگ دەکەنەوە و هەمیش سەقامگیری کە پێویستییەکی سەرەتایی سەردەمی بەجیهانیبوونە، دابین دەبێت.

لە بەندی سێهەمی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٣دا هاتووە: «دوای رووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١، هێرشی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان و رووخاندنی رێژیمی توندڕەوی ئیسلامیی تاڵەبان و لێکبڵاوکردنی رێکخراوی ئەلقاعیدە لەو وڵاتە، سەرەتای دەستپێکردنی ئاڵوگۆڕەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوو. بە دوای ئەویشدا، دەوڵەتی عێراق لە ژێر تەوژمی هێرشی نیزامیی ئامریکا و هاوپەیمانانیدا رووخا. ئەو رووخانەش وەک بوومەلەرزەیەک ناوچەکە و دنیای دەرەوەی هەژاند. دەتوانین بڵێین دوای شەڕی دووەمی جیهانی، هیچ رووداوێک ئەوەندەی ئەو شەڕە، پێوەندییە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانی نەشڵەژاندووە. بە تایبەتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە گیروگرفتی سیاسی و ئابووری و کێشە نەتەوەیی و ئایینییەکانیان تێدا بە هێزە، حکوومەتەکانی لەوە نیگەران کرد کە باڵانسی سیاسی لە ناوچەکەدا تێک بچێ و نەتوانن درێژە بە حاکمیەتی کۆنەپەرستانەیان بدەن.

سەرکەوتنی خەڵکی عێراق لە بنیاتنانی وڵاتێکی ئازاد و دێموکراتیک لە دواڕۆژدا، شوێنەوار لە سەر خەڵکی وڵاتانی دراوسێ دادەنێ. گەلانی وەزاڵەهاتوو لە نیزامە دیکتاتۆر و دواکەوتووەکان چاوەڕوانی هەلێکن تا بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و دێمۆکراسی و مافی نەتەوایەتیی خۆیان چالاکانەتر بە گژ رێژیمە دژی گەلییەکاندا بچنەوە. هەر ئێستا

وەک لە بەندی ٣ی بەرنامەی حیزبدا هاتووە دروشمی ئیستراتژیکی خۆی کردە «دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵی لە ئێران و دابینکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران». ڕووداوەکانی پاش کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب لە ئێراندا، وەک ڕابوونی جەماوەریی عەرەبەکانی خووزستان، بەلووچەکان، ئازەرییەکان کە تەنانەت ڕاگەیەنە گشتییەکانی جیهانیان بە خۆیانەوە خەریک کردبوو، باشترین بەڵگەی سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوون کە خەباتی گەلانی ئێران بە تەواوی پێی ناوەتە نێو قۆناغێکەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبوا و پێویست بوو دروشمی «فیدرالیزم بۆ ئێران» بەرز بکاتەوە. لە بەندی ٤ی ئامانجە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٣دا هاتووە: «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بە هاوپەیمانانی ستراتیژیکی خۆی دەزانێ و لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی پشتیوانی دەکا».

■ کۆنگرەی سێزدەهەم لە مەیدانی کردەوەدا

لە بواری ڕێکخستندا:

ڕێبەری مەزنی گەلی کورد، دوکتور قاسملووی نەمر دەفەرموێ: «ڕێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە». بێگومان بوارەکانی ڕێکخستن، دیپلۆماسی و تەبلیغات پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە یەکترەوە هەیە، بەو مانایە کە سەرکەوتن لە هەرکامیاندا بەستێن بۆ سەرکەوتن لەوانی دیکەدا دەڕەخسێنێ، بەڵام وەک لە وتەی ڕێبەری مەزنماندا هاتووە، حیزبێک یان ڕێکخراوێک بە بێ ڕێکخستنی کارامە و زیندوو و گشتگیر، نە دەبێتە خاوەنی دیپلۆماسیی بەهێز و نە تەبلیغاتێکی متمانەپێکراو و شوێندانەر. یەکێک لە گرینگترین هەنگاوەکانی پاش کۆنگرەی ١٣ی حیزب، ڕاکێشانی خەڵک بۆ نێو

گۆڕەپانـی راسـتەقینەی خەبات، واتە خەباتـی جەماوەرییە. داخرانی دووکان و بازاڕەکانـی شـاری مەهابـاد لـە ٢٢ی پووشـپەڕی ١٣٨٤ واتە لە سـاڵڕۆژی شـەهیدکرانی رێبەری مەزنی گەلی کورد دوکتور قاسـملوو و هاوڕێیانیـد، رێبەرایەتیکردنـی دروسـتی خرۆشـانی جەماوەریی هاوینی ٨٤ی خەڵک کە خاڵی دەستپێکردنی شەهیدکردنی شـوانە سـەید قادر لە ١٨ی پووشپەڕی ئەو سـاڵەدا بوو، پێشوازیی خەڵکـی کوردسـتان لـە بانگـەوازی حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران بۆ داخسـتنی دووکان و بـازاڕەکان و هەروەها کوژاندنەوەی رۆشـنایی ماڵەکان لە شـەودا لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٥ و هەروەها ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٥ و هەروەها ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٦، نیشانی دا لە وەدەستهێنانی دەستکەوتی گرینگ لە باری خەباتی جەماوەری و هەنـگاوی بوێرانـە و رێکخسـتنی زیندوویـان و بەرینـی حیزبـی دێموکـرات لـە پـاش کۆنگـرە ١٣ دەدا. هەر چەند حیزبـی دێموکرات هەمیشە ئەو شانازییە گەورەیە هەبووە کە خەڵکی کوردستانی ئێران بە پشتیوانی لە حیزب و گیانفیدایی لە پێناو ئامانجەکانیدا حیزبیان بە حیزبی پێشـڕەوی خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی خۆیان زانیوە، بەڵام لـە هەمان کاتدا رێکخسـتنی خەڵـک و سـازدانی ئێعترازیکی مەدەنی کـە زۆربـەی هـەرە زۆری شـار و دێهاتـەکان بگرێتـەوە و خاوەنی ئامانجی روون بێت، بە شـێوەیەک کە راگەیەنە ناسـراوەکانی جیهان باسـی بکـەن و ئامانجەکانی بـە ناتەمومژاوی و رەوا لە قەڵەم بدەن، پێویسـتی بە بەرنامە و خەبات لەو پێناوەدا هەیە. لە لایەکی دیکەوە پـاش کۆنگـرەی ١٣ بەڕێوەچوونـی تەبلیغاتی حیزبی بە شـێوەیەکی بـەردەوام لـە ئاسـتێکی بەریـن لـە ناوچەکانـی ئیـلام و کرماشـاندا سـەلمێنەری ئەو راسـتییە بوو کە خەباتی حیزبی دێموکرات هەموو کوردسـتانی ئێران لە خۆ دەگرێ و بە ناوچەیەکی تایبەت بەسـتراوە نییە.

کەوابـوو لـە بـواری ڕێکخسـتندا دوو دەسـتکەوتی زۆر مـەزن بە دەسـت هاتن کە ئێسـتاش بەردەوامن یەکەمیان ڕاکێشـانی خەڵک بۆ خەباتـی جەمـاوەری و دووهەمیان پەلهاوێشـتنی خەبـات بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستانە.

■ بواری دیپلۆماسی:

یەکێـک لە هەنگاوە گرینگ و دەسـتکەوتەکانی پاش کۆنگرەی١٣ی حیـزب لە بواری دیپلۆماسـیدا، چوونە سـەرەوەی پلـەی ئەندامەتیی حیزب لە ئینترناسـیۆناڵی سۆسیالیست وەک گەورەترین ڕێکخراوی جیهانـی پـاش نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـوو. وەرگیرانـی یەکێتیـی لاوانی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران بە ئەندامەتیی ئینتیرناسـیۆناڵی سۆسیالیسـتیی لاوان و وەرگیرانـی یەکێتیـی ژنانـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێران بە ئەندامەتیی ئینترناسیۆناڵی سۆسیالیستی ژنان لـە دەسـتکەوت و سـەرکەوتنە بەرچاوەکانـی حیزب بـوو لە بواری دیپلۆماسیدا. بۆ نموونە وتاری کردنەوەی ڕێوڕەسمی سەد ساڵەیی ئینترناسـیۆناڵی سۆسیالیسـتی لاوان کـە لـە ئاڵمـان بـە ڕێـوە چوو، لـە لایـەن نوێنەری یەکیەتـی لاوانی دێموکراتی کوردسـتان ئێرانەوە پێشکەش کرا.


حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٨٥ بوو بە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە بێ نوێنەرەکان (UNPO) کە گەورەترین ڕێکخراوی گەلانە لە جیهاندا کە نوێنەریان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نییە. ئەم ڕێکخراوە توانیویەتی لە پاش دامە زراندنی لە ساڵی١٩٩٣دا ڕۆڵیکی بەرچاو بگێڕێ لە ڕاکێشانی پشتیوانیی جیهانی لەو گەلە بێ دەوڵەتانەی کە ئێستا خاوەنی کیانی سیاسی و ئەندام لە ڕێکخراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان نیـن. حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران توانـی لە ڕێـگای (UNPO)وە لە کۆبوونەوەی شـوورای مافی مرۆڤی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکان بەشـداری بـکا و بەمەش ببێ بە

یەکەم ڕێکخراو و تەنیا ڕێکخراوی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بەشداری کۆبوونەوەی فەرمیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە. ئەندامەتیی حیزب لە UNPO و بەشداری لە کۆبوونەوەی فەرمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دوو دەستکەوتی بە نرخ و مێژوویی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران لە قەڵەم دەدرێ.

■ بواری تەبلیغاتی: دامەزراندنی تەلەڤیزیۆنی تیشک، ئاڵوگۆڕ لە ڕاگەیاندندا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش کۆنگرەی ١٣ی خۆی بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئامرازە نوێکانی ڕاگەیاندن، هەنگاوی جیددیی هاویشتووە و بێجگە لە دامەزرانی چەندین سایتی بەهێزی ئینتێرنێتی و نوێکردنەوەی بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و بڵاوکردنەوەی بەرنامەی ئەو ڕادیۆیە لە ڕێگای سەتەلایتەوە، چاپەمەنیی خۆی لەگەڵ سەردەمدا گونجاندووە و هەروەها گرینگترین دەسکەوتیشی دامەزراندنی ڕایەڵەی ماهوارەیی «تیشک» لە بەهاری ساڵی١٣٨٥ بووە. تەلەڤیزیۆنی «تیشک» بە بڵاوکردنەوەی چەندین کاتژمێر بەرنامە توانیی ببێتە جێگای متمانەی خەڵکی کوردستان و ئێران و مێوانی زۆربەی زۆری ماڵەکان لە کوردستاندا. بێگومان دامەزرانی تەلەڤیزیۆنی «تیشک» وەکوو کاریگەرترین ڕاگەیەنی کوردی لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا ڕۆڵێکی گرینگی لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک و بردنی بەرنامە و پێڕەوی حیزبی دێموکرات بۆ نێو دڵی خەڵکی کوردستان و ئێران هەبوو. بە داخەوە وەشانی بەرنامەکانی ئەم تەلەڤیزیۆنە لە ساڵی ١٣٩٣دا بە هێندێک هۆی تایبەت ڕاگیرا کە هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانێ بەرنامەکانی خۆی دەست پێ بکاتەوە.

## ■ هەڵبژاردنی کۆنگرەی۱۳، دیموکراتیکترین هەڵبژاردنی مێژووی حیزب



پاش کۆنگرەی دوازدەهەم ناکۆکی لە نێوان دوو باڵی حیزب درێژەی کێشا و بەو ناکۆکییەوە کۆنگرەی سێزدەهەم لە ڕۆژی ۱۳ی پووشپەڕی ۱۳۸۳ لە کۆیە بە بەشداریی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەندامانی حیزب بەڕێوە چوو. میکانیزمی گرتنی کۆنفرانسەکانی کادر و پێشمەرگەکان لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە دیاری کرابوون کە زۆرینەی کومیتەی ناوەندی لەو لایەنە بوو کە دەنگی نەهێنایەوە، بۆیە هەموو قایمکارییەک لە کۆنفرانسەکاندا دەکرا و تەنانەت چەند کەسێکیش کە لە سوید دەنگیان هێنابووەوە، ڕێگایان پێ نەدرا بگەڕێنەوە. بەو حاڵەشەوە لە ساڵۆنی کۆنگرە دەنگ بۆ مەشروعییەتی کۆنگرە وەرگیرا و پاش پەسەندکرانی مەشروعییەت، کۆنگرە دەستی بە کارەکانی کرد.



دوایین بڕگەی کاری کۆنگرە هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەرایەتی بوو. لە کۆنگرەکانی پێش کۆنگرەی سێزدەهەمدا کۆنترۆڵی هەڵبژاردن زۆر لاواز بوو و خەڵک لە تەنیشت دەستی یەکتر دەنگەکانیان دەنووسی، بۆیە ئیحتمالی نفووز و رودەربایستیی زۆری تێ دەکەوت، بەڵام لەم کۆنگرەیەدا کۆنترۆڵ زۆر ورد بە ڕێوە دەچوو. دوو باڵی نێو کۆنگرە لە هەرکام لە ویستگەکانی دەنگداندا بەشدارییان بوو. پێدانی بەڵگە کە لە لایەن خۆسرەو بەهرامی و خالید عەزیزییەوە ئیمزای هەر دوو نەفەری لە سەر بوو، ناوی کاندیداتۆرەکان لە سێ کابیندا کە بۆ دەنگدان دیاری کرابوو، هەڵواسرابوو. لە سەر سندووقی دەنگەکان تەیموور مستەفایی و سەعید بەیگزادە راوەستابوون.

پاش تێ هاویشتنی دەنگەکان بە سەر ٣ گرووپی ٥ کەسیدا دابەش دەکران کە لە هەرکام لە بەشەکاندا ٣ کەس لە زۆرایەتیی کۆنگرەی ١٢ و ٢ کەس لە کەمایەتی بەشدار بوون و دەنگەکانیان دەژماردن و هەر بەشەو دەنگەکانیان کۆ دەکردەوە و بە ئیمزای ٢ کەس لە هەر لایەنێک دەگەیشت .

بەهرامی، سەید رەزا درووودگەر، تەیموور مستەفایی.

پاش کۆکردنەوە و ئیمزای هەمووان بەشدارانی کۆنگرە بانگ دەکرانەوە و ئاکامی دەنگهێنانەکە رادەگەیەندرا و بڕگەکانی دیکەش هەر بەم چەشنە و بە هۆی ئەم کەسانەوە بەڕێوە دەچوو و بەم چەشنە لەم هەڵبژاردنەدا ڕێگا بۆ ئیحتمالی نفووز و لە رووودەربایسی گیرکردن نەمابوو، بۆیە دەنگدەر بە ویژدانی خۆی و لە سەر ویستی خۆی بێ هیچ ئیجبارێک دەنگی بە هەر کەس دەدا کە پێی باش بوو.

## ■ ٦٤: دامەزرانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فدراڵ (١٣٨٣)

حیزبی دێموکرات لە بەرنامەی کۆنگرەی ١٣ی خۆیدا، گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بە هاوپەیمانیی ستراتیژیکی خۆی دەزانێ. حیزبی دێموکرات بۆ یەکخستنی هێزی گەلانی ئێران، لە ڕێگای دامەزراندنی ڕێکخراوێکدا هەنگاوی هەڵهێنایەوە کە بەشی سەرەکیی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی گەلانی بندەستی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە کە بۆ دیاریکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلەکەیان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵدا تێدەکۆشن ئەو ڕێکخراوەیە «کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ»ە کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ی زایینیدا دامەزرا و حیزبی دێموکرات سەرەکیترین هێز و شوێندانەرترین هێز لە دامەزراندنیدا بوو. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کە لە سەرەتای دامەزرانیدا لە ١٦ ڕێکخراوی سەر بە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران پێک هاتبوو، لە ئێستا و داهاتووی ئێراندا دەتوانێ وەک سەرەکیترین و بە بەرنامەترین هێز بۆ پاش رووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی بنوێنی. کۆنگرەی نەتەوەکان لە گرینگترین دامەزراوەی داڕشتنی ستراتیژی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا واتە»ئینتێرپرایز»، لە کۆنگرەی ئامریکا، لە

پارلەمانی فەرانسە و چەندین جار لە پارلەمانی ئورووپا هەڵوێست و بەرنامەی خۆی خستووەتە ڕوو.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و سەرکەوتنەکانی بە یەکێک لە گرینگترین دەستکەوتەکانی بواری پراکتیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش کۆنگرەی ١٣ دەژمێردرێ.

## ■ ٦٥: ناڕەزایەتیی چل ڕۆژەی خەڵکی کوردستان و خەباتی مەدەنی (١٣٨٤)

ڕۆژی شەممە ١٣٨٤/٤/١٨ لاوێک لە لایەن پۆلیسی مەهابادەوە بە شێوەیەکی دڕندانە شەهید دەکرێ. خەڵکی شاری مەهاباد بۆ وەرگرتنەوەی جنازەکەی دەچن کە بە هۆی ئەشکەنجەوە چاوی لە کاسە دەرهاتبوو و لە سەر هەموو گیانی شوێنەواری ئەشکەنجە دەبیندرا و جێگای چەند گوللەیەکی پێوە بوو کە ئەمە دەبێتە هۆی هاتنە سەر شەقامی خەڵک بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بەم جنایەتە سامناکە و دروشم دان دژی ڕێژیم دەست پێ دەکا. ئەم ناڕەزایەتییانە تا ڕۆژی ٢١ی پووشپەڕ درێژە دەکێشێ و لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا لە ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دکتور قاسملوو دوکان و بازاڕی شار بە تەواوەتی دادەخرێ و ئێوارەی ئەو ڕۆژە تا کاتژمێر ٧ی ئێوارە خۆپێشاندان دژی ڕێژیم درێژە دەکێشێ و دروشمەکانی ئەم ڕێپێوانە بە پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە دژی ڕێژیم دەبێ، ناڕەزایەتیی خەڵک لەم شارەدا تا ڕۆژی ١٣٨٤/٤/٢٨ درێژە دەکێشێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە شوێندانەریی جیددیی لە سەر درێژەکێشان و بەسیاسی کردنی ئەم ڕێپێوانە هەبوو، لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسیدا بڕیار دەدات هەوڵ بدرێ ئەم ڕێپێوان و ناڕەزایەتییە تەنیا لە مەهاباددا نەمێنێتەوە و ناڕەزایەتییەکە

بۆ پشتیوانی لە شاری مەهاباد بگوازرێتەوە بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان. هێزەکانی ڕێژیم لە ماوەی ئەم ١٠ ڕۆژەدا بە یارمەتیی هێزی تایبەت و هەزاران نەفەر لە هێزەکانی دیکە کە لە ناوچەکانی دیکەوە هێنرابوونە ئەم شارە، دەکەونە سەرکوتی خەڵک. لەو ماوەیەدا دەیان کەس لە لاوانی ئەم شارە بریندار و بە سەدان کەس دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندان دەکرێن. لەم ناڕەزایەتییانەدا دەرەجەدارێکی ڕێژیم بە ناوی ئیستوار نامجوو دەکوژرێ و چەند کەس لە هێزەکانی ڕێژیم بریندار دەبن.

ڕێژیم بو پێشگیری کردن لە پەرەسەندنی ئەم ناڕەزایەتییانە لە شارەکانی دیکەی کوردستاندا، هێزێکی یەکجار زۆر لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە دێنێتە کوردستان. لە ڕۆژەکانی ٢٧ و ٨٤/٤/٢٨ خەڵک لە پیرانشار و شنۆ بۆ پشتگیریی لاوانی خەباتگێڕی مەهاباد خۆپیشاندان ڕێک دەخەن. لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا ناڕەزایەتییەکان دەگوازرێنەوە بۆ شارەکانی بۆکان، سەردەشت، سەقز، سنە، کامیاران، مەریوان، پاوە، کرماشان، ورمێ و شارەکانی دیکەی کوردستان.

لە ڕۆژی ٨٤/٥/٣ سێ کەس بەناوەکانی عومەر ئەمینی کوری شێخ محەمەد و بایزی مەعروفی کوری مستەفا و جەمیلە خزری ناسراو بە خەجیج کچی ڕەحمان شەهید دەکرێن.

ئەم ڕێپیوانانە لە ڕۆژەکانی ١١ی گەلاوێژ لە سنە و ١٣ی گەلاوێژ لە سەقز درێژەی کێشا و ژمارەیەک لە خەڵک شەهید و بریندار بوون و هێزی ڕێژیمیش زیانی بەر کەوتبوو. لووتکەی ئەم ناڕەزایەتییانە ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژ بوو کەخەڵکی کوردستان لە ماکوو تا کرماشان بە داخستنی دوکان و بازاڕەکان و مانەوەیان لەماڵەکاندا مانیان گرت و نیشانیان دا کە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان سوور و پێداگرن. ئەم مانگرتن و ناڕەزایەتییانە لە کاتێکدا بەڕێوە دەچوون کە ڕێژیم زور بێبەزەییانە دەجووڵایەوە و هەزاران کەسی دەستگیر کردبوون

و سـەدان نەفـەر برینـدار و دەیـان کەسیشـی شـەهید کردبـوون و کوردسـتانی کردبـووە پادگانێکـی نیزامـی، بەڵام سـەرەڕای ئەمەش خەڵک نەترسان و درێژەیان بە ناڕەزایەتییەکانیان دا.

دەسـکەوتەکانی ئـەم ناڕەزایەتییـە مەدەنییـە نیشـاندانی دیمەنێکی شارسـتانیانە لـە خەباتـی مەدەنـی لـە لایـەن خەڵکـەوە، پشـتگیریی شـارەکانی کوردسـتان لـە یەکتـر، دەنگدانـەوەی ئـەم حەرەکەتـە لە ناوەندە سیاسی و رووناکبیرییەکان و لە راگەیەنە گشتییەکاندا بوو. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە رێژیم ناچار بێ بە دوای هۆکاردا بگەڕێت و وەفدی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە بنێرێتە کوردستان. وەفدەکانی رێژیم داوایـان لـە خەڵک کردبـوو کە رێژیم لە هۆکاری ئـەو ناڕەزایەتییانە ئـاگادار بکەنـەوە. یەکێک لەو وەفدانە کە پێـک هاتبوون لە ئەندامانی کۆمیسـیۆنی ئاسایشـی نیشـتمانی لە مەجلیسـی شـوورای ئیسلامی و ژمارەیەکـی دیکـە لە بنیادەکانی کوماری ئیسـلامی بـو لێکولێنەوە لـەم ناڕەزایەتییانە کۆبوونەوەیەکیان لە رۆژی ٨٤/٥/١٨ لە سـاڵۆنی فەرمانداریـی مەهابـاد پێـک هێنـا. لـەو کۆبوونەوەیەدا سـەلاحەدین ئاشـتی، رۆژنامەوانی مەهابادی بەم چەشـنە هـۆکارەکان باس دەکا کە ئەمە نموونەیەک بوو لەو وەڵامانە کە وەریان گرتووە و ئەمەش دەقی وتەکانی سەلاحەدین ئاشتییە:

«مـن ناتوانـم ئەو جیاوازیدانـان و نابەرابەرییەی کە لە ماوەی ٢٦ سـاڵی رابـردوودا دەرهـەق بە میللەتی کـورد لە ئێرانـدا رو دەدا، بە تەواوی باس بکەم. هەر بۆیە بە کورتی دەڵێم :

١. ئەگـەر بـە راسـتی کـەس یـا کەسـانێک مەبەسـتیان لێکۆڵینەوە لـە جووڵانـەوەی ئـەم قۆناغـەی میللەتی کـورد لە ئێرانە، بـە بڕوای مـن باشـترە مەسـەلەکە لە کوشـتنی یەک یـان چەند کەسـدا کورت نەکەنـەوە. بـۆ لێکۆڵینـەوە لە جووڵانـەوەی مەدەنیی کـوردەکان لەم قۆناغەدا باشترە بۆ مانگێک پێش لەم روداووەی مەهاباد بگەڕێنەوە

کە مەبەست هەڵبژاردنی سەرکۆمارییە. ئەگەر باش ورد بینەوە، ئەم جموجۆڵە نوێیە درێژەی هەمان دژکردەوە جیددییە مەدەنیەیە کە بە وتەی دەوڵەت ٤٠٪ی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردندا بەشدارییان کرد و نموونەی بەرچاوی ئەو بەشداری نەکردنە دەنگی ١٨٪ ی خەڵکی شاری مەهاباد بوو کە لە دەوری دووهەمیشدا بە رێژەیەکی بەرچاو کەمتریش بوو.

بۆ دەبێ بۆ هەڵبژاردن بگەڕێینەوە؟ لە بەر ئەوەی کوردەکان دەزانن کە هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دێموکراتیکە لە جیهاندا و پشتکردن لە سندووقەکان کردەوەیەکی لۆژیکی و مەدەنییە ئەگەر قەرار بێ هیچ گۆڕانێک لە کوردستاندا پێک نەیەت.

بەرچاوترین نموونەی ئەم روانینە ئازادبیرانەیە دەنگی ٨٥٪ی میللەتی کورد بە ئاغای خاتەمی بوو لە دەوری یەکەمی سەرکۆماریی ناوبراودا، بەڵام چون هیچ ئاکامێکی بەدواوە نەبوو و کارساز نەبوو، خەڵک رێگایەکی دیکەی لە پێش گرتووە کە تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە.

٢. ئاغایان! کاتێک دەبینن یا دەبیستن کە لە قۆناغێک لە زەمەندا دروشم و وتەکان و ویستی ئێمە و ئۆپۆزیسیۆنی کورد یەک دەگرێتەوە، تووشی سەرسووڕمان مەبن، لە بەر ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن نە ئەمریکا بۆ ئێمەی ناردووە نە ئورووپا. ئۆپۆزیسیۆنی کورد رۆڵەکانی ئەم نیشتمانەن و لە نێو کۆمەڵگای کوردییەوە هەڵقوڵاون. بیرکردنەوەی بێجگە لەمە هەڵەیە. ئەگەر وا بیر دەکەنەوە کە بە سڕینەوەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی لە گۆڕەپانی ئاڵوگۆڕەکاندا کارێک دەبەنە پێش، لە هەڵەدان. پەراوێزخستنی ئەوان نەک نابێتە هۆی ئارامی، بەڵکوو مەسەلەکە دووقات ئاڵۆز دەکا، وەرن بە خۆمان شەهامەت بدەین و دەوڵەت شەهامەت بە خۆی بدات. پێشنیاری من ئەوەیە کە دانیشتن لە سەر مێزی وتووێژ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کورد زۆر کارساز دەبێ.

۳. مەسـەلەیەکی دیکـە کـە میللەتـی کـورد دەڕەنجێنـێ، روانینـی ئەمنیەتییـە. ئـەم روانینە بەرچاوتەسـکانەیە مەترسـیدارە. بەداخەوە تـەواوی بوارەکانـی ژیانـی ئێمـەی لـە پرسـەکانی کۆمەڵایەتـی و ئابووری و فەرهەنگی و سیاسـی و ...دا گرتۆتەوە کە هەر چەشـنە ناڕەزایەتییەکـی مەدەنیـی لـەم بابەتـە و جووڵانـەوەی مەدەنیـی ئێستامان بەو پێوەرە هەڵدەسەنگێنن کە جووڵانەوەی ئێستامان نابێ بەم پێوەر و بەرچەسپانە لێک بدرێتەوە، ئەگەرنا ئاکامی پێچەوانەی لـێ وەردەگـرن. نەهێشـتنی روانینـی ئەمنیەتـی، لابردنـی بایکـۆت و جیاوازیدانان، گەڕانەوەیە بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی.

ئاغـای جەلالـی! سـەرۆکی وەفـدی نێـردراو! رووی قسـەکانم لـە ئێوەیە.

٤. پێشـنیارەکەم ئەوەیـە کـە وەفدێکـی بـە سـەلاحیەت و خـاوەن دەسـەڵات بنێرنـە کوردسـتان، لە ۲٦ سـاڵی رابـردوودا زۆرێک لەم جـۆرە وەفدانە هاتوونەتە کوردسـتان و گەڕاونەتەوە ناوەند. ئێسـتا راپۆرتەکانیان لە ئارشیڤی تاران تۆزی لێ نیشتووە.

٥. من شادمانم و شانازی دەکەم بە رۆژی ١٦ی گەلاوێژ و بەرزی دەنرخێنم. ١٦ی گەلاوێژ رۆژی یەکگرتوویی رۆحی نەتەوەیی میللەتی کـوردە لـە کوردسـتان، ئەگەر نەڵێم هەمـوو خەڵکی کوردسـتان، بە جورئەت دەتوانم بڵێم کە نزیک بە تەواوی هەموو خەڵکی کورد لەم رۆژەدا دەسـتیان لـە کار کێشـایەوە و مانیـان گرت، بـێ گومان ئەم یەکگرتوویـە «نا»یەکـی گەورە بوو لە بەرانبەر کردەوەکانی نیزام و پێشاندەری وزە و هێزێکی مەدەنییە لە نێو گەلی کورددا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

٦. وتـەی کۆتاییـم ئەوەیـە کە مـن هەرگیز بە ئێرانـی بوونی خۆم شـانازی ناکـەم، مـن هەرگیز بـە ئێرانی بوونی خۆم شـانازی ناکەم تـا ئـەو رۆژەی کـە وەکـوو هاووڵاتییەکی دەرەجە یـەک لەم وڵاتەدا

نەناسرێم.

نموونـەی دیکـەی لـەم چەشـنە بووچونانە یەکجـار زور بوون کە وەک دەڵێن مشت نموونەی خەرواره.

### ■ ٦٦: ئینشعابی پاش کۆنگرەی سێزده (١٣٨٥)

دوابـەدوای کۆنگـرەی دوازدەهـەم کێشـە و دووبەرەکایەتـی هـەروا بـەردەوام بـوو. قۆڵـی دەسـەڵاتدار بـە هـۆی جیاوازیدانانی جۆراوجـۆر و پەسـەندکردنی بڕیـار بـە بێ گوێدان بـە کەمینەی ناو حیـزب هەلومەرجی کۆتایی دەسـەڵاتدارێتیی خـۆی خۆش کرد و له بەرەبـەری کۆنگـرەی سـێزدەدا لـە وەزعەکە تێ گەیشـتن و کەوتنه دانانـی گەڵاڵـەی جۆراوجۆر بۆ مانەوە لـە ڕێبەرایەتیدا، بەڵام گەڵاڵه یـەک لـە دوای یەکـەکان فریایـان نەکەوتن و لە ئاکامـی هەڵبژاردنی کۆنگـرەی سـێزدەهەمدا بوون بـە کەمینەی کۆمیتـەی ناوەندی، بەو جیاوازییـەوە کـە ئەوەی دوێنێ بە ئەرکـی کەمینەیان دەزانی، ئەمڕۆ بـۆ خۆیـان پەسـەندیان نەبـوو و دوای کۆنگـرە کەوتنە کارشـکێنی و بیانووگرتـن بـە ڕێبەریـی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سـێزدەهەم و عەبدوڵڵا حەسـەنزادە کە سـەردەمانێک دەیگوت لە نیوان ٩٩ کەسدا ئەگـەر لـە لایـەک ٥٠ کـەس و لە لایـەک ٤٩ کەس بێ، هیـچ چار نیه و دەبـێ ٤٩ کەسـەکە مـڵ ڕابکیشـێ بـۆ بڕیـاری ٥٠ کەسـەکە، لـەم حاڵەتـەدا کە خۆی و ڕەفیقەکانی کەوتبوونە کەمایەتی، دەسـتی کرد بـە بیانووهێنانـەوە. تـازە ئەو فۆرموولەی لا پەسـەند نەبوو، بەڵکوو داوای دەکرد بۆ هەر بڕیارێک دەبێ تەوافوق بکرێ و لەوەش زیاتر ڕۆیشت و کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی قبووڵ نەبوو و دەیگوت دەبی هەیئەتێک لە هەر دوو لا پێک بێ و ئەو هەیئەتە بڕیار له سەر چارەنووسی حیزب بدات.

کەمایەتـی بـە ڕێبەریـی عەبدوڵـڵا حەسـەنزاده هـەر هەنگاوێکـی

کومیتــەی ناوندییــان بــە دڵ نەبووبــا، نەدەچوونــە ژێــر بــاری و کۆبوونەوەکانــی کومیتــەی ناوەندییــان تەحریم دەکــرد بۆ ئەوەی لە رەســمیەتی بخــەن و بە قەولــی خۆیان بڕیارەکانی یاســایی نەبن. لە ٢١ ئەندامــی کومیتەی ناوەندی ٨ کەســیان لــەوان بوون و کومیتەی ناوەنـدی کۆبوونەوەکانی بە بەشــداریی ٢ لە ســەر ٣ی ئەندامەکانی رەســمیەتی پەیدا دەکرد. ئەم ژمارەیەی خۆیان وەکوو هەڕەشەیەک بۆ لە رەســمیەت خســتنی کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی بە کار دەهێنا و لە کۆبوونەوەکانی ســکرتێری حیزبدا بەشــدارییان نەدەکرد و لە سەر چەند سایتێک کە بۆ خۆیان دایاننابوون، کەوتنە نووسین لــە دژی زۆرینــەی رێبەرایەتیــی حیــزب و ئــەوەی دوژمــن بیری لێ نەکردبووەوە لە دژی ئەو رێبەرییە بینووســێ، ئەوان دەیاننووســی. کاتێک کە پرسیاریان لێ دەکرا ئێوە نووسیوتانە، حاشایان لێ دەکرد. ســەردانی ئــەم رێکخــراوی سیاســی و ئــەو رێکخــراوی سیاســییان دەکــرد و دەکەوتنــە خراپــە گوتن بە هاوڕێکانــی دوێنێی خۆیان و بە نەخوێنــدەوار و دیکتاتۆریــان ناویــان دەبردن و لــە بیریان چووبوو کــە هــەر دوێنــێ ئەمانــە هــاوکارە نزیکەکەیان بــوون، چــۆن بوو لە چاوتری ووکانێکدا جێگر سکرتێری دوێنێ کە مایەی شانازی و مودیر و .. بوو، ئێستا ببوو بە نەخوێندەوار و دیکتاتۆر و هتد.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە وتوویژێکدا کە ناوی «ئەزموونی خەبات»ی لــە ســەر دانراوە بە بێ ئەوەی هەســت پێ بکا، هێندێــک بەڵگەنامەی ســەردەمی ئۆپۆزیســیۆن بوونــی خۆیانــی بــڵاو کردووەتــەوە کە بە خۆشــییەوە بەڵگەنامەکان بۆ خۆیان پێویســتیان بە شرۆڤە و لێدوان نیــە و ئــەو راســتییە دەســەلمێنن کە ئــەوان لانیکەم یەک ســاڵ پێش لــەوەی کــە ئینشــعابەکەیان رابگەیەنن، لە حیزبــدا حیزبێکی دیکەیان ساز کردووە و ناوی «پەیمانی نیشتمانی» یان لە سەر داناوە و لەم پەیمانــەدا بــە روونی دەردەکــەوێ کە ئەوەی بۆیــان گرینگ نەبووە،

بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدە بووە، بەڵکوو بۆ خۆیان کومیتەیەکیان پێک هێناوە کە ئەگەرچی ناوی ٦ کەس لە ئەندامانی هەڵبژێراوی کومیتەی ناوەندیی تێدایە، بەڵام چەند کەسێکی دیکەی وەک عەبدوڵڵا حەسەنزادە، حسەین مەدەنی، قادر وریا و عوسمان رەحیمی وەک ئەندامی ئەو کومیتەیە هەڵدەبژێرێن کە ئەوانە ٣ کەس لە نێو خۆیاندا وەک هەیئەتی ئیجرایی هەڵدەبژێرن کە بێگومان عەبدوڵڵا حەسەنزادە یەک لەوان بووە.

ئەمەش دەقی ئەو پەیمانی بە ناو نیشتمانییە:

پەیمانی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ راستکردنەوە

ساعەت ٨ی دوانیوەڕۆی هەینی ١٣٨٤/٩/١٠ ئەندامان و جێگران و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی (قۆڵی کەمایەتی) و ئەندامانی رێبەریی کۆنگرەی دوازدە کە هەڵنەبژێرانەوە، بێجگە لە هاوڕێیان حەسەن رستگار و محەممەد کەسرایی و خالید وەنەوشە کە لە سەفەرن، لە ماڵی کاک حسین مەدەنی بۆ باس لە سەر وەزعی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و رەفتاری پاوانخوازانەی قۆڵی دەسەڵاتدار کۆ بوونەوە و پاش باسێکی بەسوود گەیشتنە ئەم ئاکامە:

١. رەفتاری قۆڵی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی بە کردەوە حیزبی بە خۆیی و بێگانە و مەحرەم و نامەحرەم و فەرماندەر و فەرمانبەر دابەش کردووە، ئەم رەفتارە تا ئێستا زیانێکی زۆری لە پرێستیژی حیزب داوە و مەترسیی زیاتریشی لێ دەکرێ. بۆیە پێکهێنانی ئۆپۆزسیۆنێکی پتەو و شیلگێر بۆ راستکردنەوەی ئەو رەفتارانە و جێگیرکردنی ئەسڵی بەرامبەریی ئەرک و مافەکانی ئەندامانی حیزب بۆتە پێویستییەکی مێژوویی.

٢. بۆ ئەم مەبەستە رێبەرایەتییەک لە حەوت ئەندامی کومیتەی ناوەندی (کەمایەتی) و هاوڕێیان حسین مەدەنی، عوسمان رەحیمی،

قادر وریا و عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێک هات و ڕێگایان پێ درا کە لە خۆیان هەیئەتێکی ٣ یان ٥ کەسی وەک هەیئەتی ڕێبەرایەتی هەڵبژێرن هەروەها ئەرکیان پێ سپێردرا کە نەخشەیەک بۆ سازماندەهی و میکانیزمێک بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پاوانخوازی دابنێن.

٣. بڕیارەکانی ئەو دوو هەیئەتە بۆ ئەندامانی حەرەکەتی راستکردنەوە (لازم اجرا) و هەر لەو کاتەدا هەیئەتی بەڕێوەبەری دەتوانێ بڕیاری هەیئەتی ئیجرایی هەڵوەشێنەتەوە.

٤. ئەندامانی ئێستای کومیتەی ناوەندی وتەبێژی ئەم حەرەکەتە لەگەڵ قۆڵی پاوانخوازان، بەڵام لەو مەسەلەدا کە پیوەندییان بە کێشەکانی نیوخۆیی حیزبەوە هەیە، تابیعی بڕیاراتی ڕێبەریی ئەم حەرەکەتەن و لە کۆبوونەوە لەگەڵ تەرەفی موقابیلدا هەموویان لە سەریانە چالاکانە بەشداری باسەکان بن و دیفاع لە بۆچوونەکان بکەن.

٥. ئەم حەرەکەتە پەیمانێکی مێژوویی نەتەوەیی و نیشتمانییە و زەربەلێدانی بە تاوان دەژمێرێ.

٦. ئەم بزووتنەوەیە بۆ خۆبواردن لە کار نیە و ئەندامانی ئەم بەشە دەبێ بەو پەڕی دڵسۆزی و نەزم و دیسیپلینەوە ئەرکەکانیان راپەڕێنن و حورمەتی ڕێبەریی حیزب و ئەندامانی تەرەفی موقابیل بپارێزێ و هەر لەو کاتەدا بۆ بە جێگەیاندنی ئەرکەکانی ئەم حەرەکەتەیش ئامادە بن.

٧. کاری ئەم حەرەکەتە بەدەستهێنانی پلەو پایە نیە و حەرەکەت بەرعۆدە نیە لە دوارۆژدا پلەوپایە بۆ هیچ کەس بەدەر لە هەڵبژاردنی ئازادانەی ئەندامانی حیزب مسۆگەر بکا. هەر لەو کاتەدا هیچ کەسیش ناچار ناکا بە پێچەوانەی ویست و ئۆگریی خۆی بەرپرسایەتییەک وەربگرێ.

٨. بە مەبەستی پاراستنی یەکێتیی ریزەکانی ئەم حەرەکەتە

ژیاندنەوەی هەر شتێک کە برینەکانی رابردوو بکولێنێتەوە، بە تاوان دەژمێردرێت.

٩. رێبەرانی شەهید قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی لە هەموو جێگایەک و لە لایەن هەموو بەشدارانی ئەم حەرەکەتەوە بە ڕێزەوە یاد دەکرێنەوە و لە ژووری کاری هەمواندا عەکسی هەر سێکیان هەڵدەواسرێ.

١٠. هەموو هاوڕێیان بە قەد یەک، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن و بێ حورمەتی بە رابردووی هەر بەشێک لە هاوڕێیان قەدەغەیە. نە کەس دیفاع لە رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕی پێشوو دەکا و دەیژێنێتەوە و نە کەس بۆی هەیە بێ ئەدەبی بەرامبەری بکات.

١١. ئەم حەرەکەتە بۆ درکاندنی نهێنییەکانی حیزب و بردنی ناکۆکییەکان بۆ دەرەوەی حیزب دەستپێشخەر نابێ و ئەگەر لە قۆڵی پاوانخوازەوە بێ حورمەتی بە خۆی یان ئەندامەکانی کرا، کەس هەقی نیە بۆ خۆی وڵام بداتەوە و ئەو کارە لە سەلاحیەتی دوو هەیئەتی بەڕێوەبەری و ئیجراییدایە.

١٢. رێبەریی ئەم حەرەکەتە بە پێی چوونەپێشی رەوتەکە میکانیزمی تازە دیاری دەکا بۆ ئەوەی قۆڵی پاوانخواز ناچار بکا مل بۆ وەک یەک ناسینی هەموو ئەندامانی حیزب و بەشدارکردنی هەموو تواناکان لە کار و تێکۆشانی حیزبیدا و هەڵگرتنی هەر چەشنە جیاوازی دانانێکی ناڕەوا رابکێشێ.

بێجگـە لەم پەیمانی بەناو نیشـتمانییەش کۆبوونەوەکانیان تەحریم دەکرد، ئەمەش بەڵگەی ئەو تەحریمەیە. ئەم بەڵگانە تەنیا نموونەیەکن لە خەروارێک بەڵگەی دیکە کە حیزبیان بەرەو ئینشـعاب برد و بەو پەڕی چەواشەکارییەوە وایان دەنواند کە گویا زۆرینەی ڕێبەرایەتیی حیـزب ئەوانی پەراوێز خسـتووە و تەعامولـی لەگەڵیان باش نەبووە و هتد.

لـە ڕۆژی ١٥ /١٣٨٥/٩ی هەتاویـدا ئـەو گرووپـە جیابوونـەوەی خۆیان لە حیزب ڕاگەیاند. جیابوونەوەیەک کە هەر لە پاش کۆنگرەوە حەسـەنزادە بە بێ ئەوەی ڕایبگەیەنێ، پێکی هێنابوو و کەرەسـتە و ئامرازی بۆ دابین کرابوو.

لـە سەیروسـەمەرەکانی دوای ئـەم ئینشـعابە ئەوە بـوو کە پاش ماوەیـەک دواتـر، بە ڕواڵەت داوای یەکگرتنـەوەی حیزبیان دەکرد و چوونە لای هەموو حیزب و لایەنێک و کەوتنە گوشـار دروسـتکردن بۆ ئەم سیاسەتەیان، سیاسەتێک کە بێجگە لە فریوکاری هیچی دیکە نەبـوو و بـۆ ئـەم وتەیەش دوو دەلیل هەیە: یەکەم لە بانگهێشـتنێکی سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتاندا کـە هـەر بـە هـۆی داواکاریی ئەوانـەوە لـە دیوانـی سـەرۆکایەتیی هەرێمدا پێک هاتبـوو، عەبدوڵڵا حەسەنزادە ئامادەی یەکخستنەوەی حیزب نەبوو، لە کاتێکدا کە کاک مسـتەفا هیجـری ئامادەیی خۆی بۆ یەکخسـتنەوەی حیزب دەربڕی. بێجگـە لەمـە، وەفدێکـی هاوبەشـی پارتـی و یەکێتـی بـۆ ناوبژیوانی هاتنە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دوای باسـێکی زۆر وەفـدی حـدکا ئامـادە بوو لـە زووترین کاتـدا کۆنگرە بگـرێ، بـە مەرجێـک ئـەوان ئاکامـی ئـەو کۆنگرەیـان قبـووڵ بێ و پارتـی و یەکێتیـش چاوەدێری بکەن کە ئەمەشـیان قبووڵ نەکرد. تا ئێسـتاش هەر دروشـمی یەکگرتنەوە دەدەن بەبێ ئەوەی هەنگاوێکی بە کردەوەی بۆ هەڵگرن.

